گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 11, No. 3, pp. 748–762, Sept..-2023.*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ڕەنگدانەوەی مێژووی میرانی کورد لە شیعری حاجی قادری کۆییدا

یەدوڵلا پەشابادی
بەشی زمان و ئەدەبی کوردی/توێژینگەی کوردستانناسی - زانکۆی کوردستان (سنە) /ئێران

تاريخ الاستلام: 2023/04 تاريخ القبول: 2023/05 تاريخ النشر: 2023/09 *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2023.11.3.1338*

**پوختە:**

حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) وەکوو شاعیرێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیر لە نێو بازنەی ئەدەبی کوردی لە سەدەی نۆزدەدا، گرنگایەتییەکی زۆری بە مێژوو و وێژە و زانست داوە. لە نیوەی دووهەمی تەمەنی ئەدەبی و فیکریی خۆیدا ئاوڕی لە زانیاران و میران و شاعیران و ناودارانی کورد داوەتەوە و خاڵە گرنگەکانی کارنامەیانی بە کورتی تۆمارکردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوازی وەسفی- شیکاری دەیهەوێ ئاماژە و لایەنە مێژووییەکانی پەیوەندیدار بە ماڵەمیرانی کوردەوە لە شیعری حاجی قادردا لێکبداتەوە و بە هەڵێنجان و دەرخستنی نموونە شیعرەکانی، دەست بداتە بەراوردکارییەکی زانستی لەگەڵ ئەوەیدا کە لە سەرچاوە مێژووییەکانی وەکوو شەرەفنامەدا هاتووە. بەو نیازەی بتوانێ هەندێک لە سەرچاوەکانی فیکر و هزری قووڵی حاجی بدۆزێتەوە. حاجی قادر جگە لە لایەنی ئەدەبی و هونەری کە یەکێک لە ڕەهەندەکانی شیعری ئەم شاعیرەیە، بۆ هەر بوارێک لە مێژووی میران و تۆمارکردنی ناو و یادی شاعیران و گەورە مرۆڤانی کورد هەوڵیداوە و تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو میر و شاعیر و ئەدیبانەی تۆمارکردووە. لە گرنگترین ئاکامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە کتێبی شەرەفنامەی بەدلیسی و هەندێ لە دەسنووسەکانی تر، لە کەنار ڕۆژنامە و گۆڤاری تورکی و ئەورووپیدا کە لە ئەستەمووڵ دەستی کەوتووە، سەرچاوەی ڕۆشنبیری و ئاگاداریی بوون و توانیویەتی زۆرێک لە بارودۆخی سەردەم و ناوونیشانی میران لە شیعری خۆیدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تۆماربکات.

**پەیڤێن سەرەکی:** حاجی قادری کۆیی، مێژوو، میرانی کورد، شیکاریی بەراوردکارانە.

## 1 - **پێشەکی**

خوێندنەوەی بەرهەمی گشتیی گەلێک، لەگەڵ دابودەستوور و یاسا و ڕێسا و پاشخوانی هزری و مێژوویی ئەو گەلەدا سیمایەکی بەربڵاوی ئەو گەلەمان پێدەنوێنێت. ئەدەب بەتایبەت ئەدەبی پێبەند بە گەل و نیشتمان (الأدب المتزم/الأدب المتعهد) زیاتر ئەم ڕەنگ و بۆنە وەردەگرێت و زێدەتر ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات. لە بەستێنی ئەدەبێکی وەهادا دەتوانین چاوێک بخشێنین بە سەر دەورانگەلی مێژوویی و هەوراز و نشێوگەلی ڕابردووی گەلدا. لەم چاوخشاندنەدا کەند و کۆسپ و بەرهەڵست و کزی و گەشەی گەل و هۆز و نیشتمانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە پاش ئەو ڕوون بوونەوەیە بۆمان هەیە دەرسی عیبرەت وەربگرین و خاڵە لاوازەکان بگوێزینەوە بۆ زێدەکردنی خاڵە بەهێزەکان و کەموکووڕی و ناتەواوییەکانی ڕەوتی

شارستانیەت و پڕاوپڕبوونەوەی گەل و نیشتمان و لەو ڕێگایەوە مایەی هێز و دەسەڵات و پێشکەوتنی زیاتر دابین بکەین. ناوبانگدەرکردنی حاجی قادر وەکوو شاعیرێکی نیشتمانی پێشینەیەکی دووردرێژی هەیە (بڕوانە: سەجادی، ١٣٩٥: ٣٣٤).

حاجی قادری کۆیی ئاوێنەیەکی فەرهەنگی و مێژوویی و سیاسی و تەنانەت ئابووریشی لە سەدەی نۆزدەدا ئامادە کردووە بۆمان. کاتێک لەم ئاوێنەدا ڕابردوو و بارودۆخ و ئاستی هزر و ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی گەل سەیر دەکەین، پەی بە زیرەکی و تیژباڵیی بیر و ڕوانینی ئەم شاعیرە ئاگایە دەبەین. شیعر لە سەردەمی حاجیدا بووبووە چەکێک بۆ بەرگری لە فەوتان و لە ناوچوون (حەداد، ٢٠٠٤: ١٥٢)؛ بە هۆی ئەوەی کە ئمپراتووریی عوسمانی بڕیاری کۆکردنەوە و لابردنی میرنشینە کوردییەکانی دا، هەستی کزی و کەوتنە پەراوێزەوە، باڵی بە سەر زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیشدا کێشا.

حاجی قادر هەم وەکوو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر و هەم لە چەشنی زانا و سیاسەتوانێکی دڵسۆز دەناسرێت (خەزنەدار، ٢٠٠٤: ١٢٨/٤). حاجی قادر بەرامبەر بە داگیرکەران هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای هەبووە و داوای پێکهێنانی قەبارەیەکی دیار و بوونێکی ڕاستەقینەی کردووە (دلێر، ١٩٩٨: ١٨٧). بە خوێندنەوەی شیعری حاجی جگە لەوانە زۆر بابەت و لایەنی مێژوویی و فەرهەنگی و نەتەوەییمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە نێویاندا لایەنی مێژوویی؛ بە مێژووی میری و مێژووی ئەدەبیشەوە دوو ڕەهەندی ئەم بابەتەیە کە لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕێک لە یەکەمیان دەدەینەوە.

**1 -1. شرۆڤەی بابەت و پرسیارە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە**

لەم وتارەدا دەمانەوێ بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی شیکارانە لەسەر بنەمای شێوازی تەوسیفی-شیکاری ئاماژە مێژووییەکانی نێو شیعرەکانی حاجی قادر شرۆڤە بکەین. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بە خوێندنەوەی شیعرەکانی حاجی سەرجەم گەواهی و شایەتە شیعرییەکانیمان هەڵهێنجاوە و ئینجا بە ڕاڤە و بەراوردکاری لەگەڵ داکەوتی مێژوویدا شرۆڤەمان کردوون تا بزانین حاجی قادر لە چ لایەنگەلێکەوە ئاوڕی لە مێژووی میرانی کورد داوەتەوە و چ تایبەتمەندی و چ ڕەهەندێکی بۆ گرنگ بووە. تەنانەت بەو نیازەی بەڵکوو بتوانین هەندێ لە سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی حاجی لە بەستێنی مێژوودا بدۆزینەوە.

**2 -1. پێشینەی لێکۆڵینەوە**

لێکۆڵینەوە و توێژینەوە سەبارەت بە خودی حاجی قادری کۆیی و شیعری، وە نەبێ کارێکی تازەبابەت و بێ ڕچە بێت. حاجی قادر لەو کەسایەتی و کۆڵەکەگەلەی ئەدەبی کوردییە کە لە زۆر لایەن و بە زۆر بۆنەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە و کتێب و وتار و لێدوان و بابەت و تێزی لەسەر نووسراوە و هۆی سەرسوڕمانی زۆر لێزان و لێکۆڵەر لە جوغرافیای کوردستان و لە ئاستی جیهانیشدا بووە. لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە (کوردستان-قاهیرە) تاکوو ئێستاکەش نموونە شیعر و بابەتی سەبارەت بە حاجی ڕازێنەری لاپەڕەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان بووە. جگە لە پێشەکییەکانی سەرجەم چاپەکانی دیوانەکەی و جگە لە ئەوەی لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبدا سەبارەت بە حاجی هاتووە، هەندێ کتێب و وتار لەم بوارەدا شیاوی ئاماژەن:

ڕەنگە وەکوو یەکەمین بابەتی نووسراو سەبارەت بە حاجی ئەو بەشە بێ کە ڕەفیق حیلمی لە کتێبە بەنرخەکە خۆی *شیعر و ئەدەبیاتی کوردی*دا نووسیویە کە بەرگی یەکەمی کە حاجی قادریش دەگرێتەوە لە

ســاڵی ١٩٤١ لە بەغدا چاپ بووە. حیلمی بە «بولبولی نیشتمانپەروەری کورد» ناوزەدی دەکات (حیلمی، ٢٠١٠: ٨٧). بە ڕای حیلمی هەوای نیشـتمانپەروەری هەر لە منداڵییەوە کەتۆتە سەر حاجی و بە هاوتای نامیق کەماڵ شـاعیری وەتەنپەروەری تورکی دادەنێت (حیلمی، ٢٠١٠: ٨٧). هەروەها جەختی لەســەر شــارەزایی حاجی بە نیســبەتی مێژووی کورد و میرومەزنـانی کردووە (حیلمی، ٢٠١٠: ٨٩). دوای ئەوە لێکۆڵینەوەی دیکـە ســەبارەت بە حاجی ڕەنگە کورتە و تارێک بێت کە محەمەدتەوفیق وردی لە ساڵی ١٩٤٤دا لە ژێر ناونیشانی «دۆزینەوەی گەنجینەیەک» لە *گۆڤاری گەلاوێژ*دا، وێڕای چەند شـیعرێکی تازەدۆزراوەی حاجی، چەند خاڵێکی زۆر کورتی تێدا نووسـیوە. محەمەدی مەلاکەریم دوو کتێبی لەم بوارەدا پێشکەش کردووە؛ یەکەمیان *حاجی قادر شـاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد* (١٩٦٠) کە لێکدانەوەیەکی ورد و شـیکارییەکی بەپێزی هەندێ بابەتە لە شیعرەکانی حاجیدا، وەکوو «حاجی و زەبانی کوردی» (ل. ٢٤)، «شـیعر لای حاج» (ل. ٤٣)، «گەل و نیشـتمانپەروەری و هەسـتی نەتەوایەتیی حاجی» (ل.٧١)». کتێبەکەی تری بـە نـاونیشــانی *هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو سـاغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی*(١٩٨٩)، گەرچی زۆرتر بۆ بۆچوون و تێبینییەکانی خۆی ســەبارەت بە شــێوە خوێندنەوەی هەندێ وشە و جیاوازیی دەسخەتەکانی شیعری حاجی تەرخـانی کردووە، بەڵام لـە دوو توێیـدا هەنـدێ کورتە ئـامـاژەی بـە گرنگیی میران و ئـاوڕدانەوەی حـاجی لە باســی مێژوویی خســتۆتە نێو وتەکانی خۆیەوە. بێ گومان لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلتر و هەمەلایەنتر بە دەستی مەسعوود محەمەد نووسراوە کە لە سێ بەرگدا بە ناوی *حاجی قادری کۆیی* لە سـاڵانی ١٩٧٤ هەتا ١٩٨٤ بەم لاوە پێشکەشی کردوون. شیاوی ئاماژەیە کە خالید دلێر (١٩٩٨) وەکوو پاشـکۆیەک بۆ کارەکەی مەسـعوود محەمەد کتێبێکی بە ناو *ســتەمکردن لە حاجی قادری کۆیی تاوانە* ئاراسـتە کردووە کە زۆر ڕەخنەی جیددیی لەو کارە گرتووە. مەریوان وریا قانع جگە لەوەی کە تێزی دوکتۆراکەی لـە ســەر حـاجی قـادرە، لـە چەنـد شوێندا نووسینی سەبارەت بە حاجی ئاراستە کردووە کە یەکێکیان وتارێکە لە ژێر ناونیشــانی «مەنفای کورد لە نێوان ســێ نەوە و ســێ ئەزموونی مانا جیاوازدا» و ســاڵی ٢٠٠١ نووســیویەتی. گرنگترین خـاڵی ئەم نووســینەی مەریوان پەیوەندیدارە بە جێگەوپێگەی شـوێن بەتایبەت نیشـتمان و هەسـتی شـاعیر بەرامبەر بەم چەمکەوە. ڕێبوار سیوەیلیش لە *کتێبی حاجی قادر* (٢٠١٦)دا دیـاردەی کـات و شـــوێــن و دەرکەوتە و کاریگەریی ئەم دوو دیاردەیەی لە شیعری حاجی قادردا لە ڕوانگەیەکی فەلســەفییانەوە شــیکردۆتەوە. وەک دەردەکەوێ ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست چڕدەبێتەوە بە ســەر کۆکردنەوەی زانیـارییەکـانی پرژوبڵاوی نێو شـیعری حاجی لەمەڕ میران و گەورەماڵانی پێشـینەوە کـە بە شــێوەیەکی تەکووز و یەکجێ لەو لێکۆڵینەوە ناوبراوانەدا نابینرێت.

**1 -3. ئامانج و شێوەی لێکۆڵینەوە**

ئامانجی ســەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە شــێوەی وەسفی- شیکاری ئەنجام دەدرێت، خستنە پێش چاو و دیاری کردنی زانیاری و ئاماژەکانی حاجی و لێکدانەوەی فەرهەنگ و سیمای کوردە لە بەستێنی میر و حاکماندا بەو شێوەی کە لە شیعری حاجی قادردا دەرکەوتووە.

**2 - تەوەری باس**

هیچ گومانێکی تێدا نییە کە حاجی قادر دڵســۆز و خەمخۆری ڕاستەقینەی خاک و زێد و زمان و فەرهەنگ و کەلەپووری خۆی بووە و تەواوی ژیان و مانی بۆ ئەم ئامانجە تەرخان کردووە. وەک دەڵێن لە پێناو خزمەت

کردن بە میللەتی خۆیدا لە پێشـــەنگی ئەو شـــاعیر و قەڵەمبەستانەوەیە کە شیعریان لە ڕێی قازانجی گەل و نیشـــتماندا بەکارهێناوە (الصـــویرکی الکردی، 2008: 8/2). هەر بۆیەیە کە خۆی جەخت دەکاتە ســەر ئەوەی کە چیدی بۆ ئاگادارکردنەوە و ڕێ نیشـــان دان کارێک نەماوە نەیکا:

قوڕی کوێ کەم بە سەر خۆما لە غوربەت! خەوم نـایـێ لـە داخـی مـوڵـک و میللەت

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۲۲۷)

ەینی ئەم بە تەنگ‌هاتنەی جارێکی تر دەربڕیوە و گەرچی زەن دەکا کە بەهرەی نابێ بەڵام بەڵێن دەدا کە دەســت لە چاکەبێژی و ڕێنوێنیی خەڵک هەڵنەگرێت:

قوڕی کام جێ بکەم بە سەر خۆدا! ئەمە لێم بوویتە عیللەتی سەودا

بە قسەی چاکە دەستیان دەگرم تەرکی ناکەم بە لۆمە تا دەمرم

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۱۹٦)

باســی مێژوو و فەرهەنگ و بنەماڵەی میران یەکێ لە گرنگترین بابەتەکانی شـیعری حاجی قادرە کە ناوەناوە لە شـیعرەکانیدا پرشــەی داوەتەوە. بە پێی گێڕانەوە و بۆچوونی هەندێ لە لێکۆڵەران (بڕوانە: محەمەد، ۱۹۷۳: ٦۷) کەم وا هەیە حاجی قادر بە نیســبەتی ڕووداو یا هەواڵێکی پەیوەنـدیـدار بـە میرنشــینـان و بەتـایـبەت بابانەوە کەمتەرخەم بووبێت. لە ڕوانگەی حاجییەوە کوردســتان پێش لە دەســتبەســەراگرتنی حکوومەتە زۆرکـارەکـانـی دەوروپشـــتـی، خـاوەن قەوارەیەکـی دیاریکراوی ســیاســی بووە (مەلاکەریم، ۱۳۹۹: ۷٦). حاجی بە شێوەیەکی جیددی گرنگیی بەم بابەت داوە و گوتارێکی بۆ خۆی پێکهێناوە. گوتاری نەتەوەخوازیی حاجی قادر لە ژیانی ڕۆشنبیری و شاعیرێتیی خۆیدا لە ســێ قۆناغدا دەرکەوتووە کە ئەو ســێ قۆناغە لە بەستێنی سـێ چەشـنی ئەدەبیی غەزەڵ و قەسـیدە و جووتسـەروادا ڕەنگی‌داوەتەوە (Yaqoobi , 2019: 182). لەو ســەردەمەدا نەهامەت و پەشــێویی حاڵی کوردســتان لە چاوی حاجییەوە بە هۆی نەبوونی ئەو قەوارە سیاسی و حوکمە خۆماڵییەوە بووە (مەلاکەریم، ۱۳۹۹: ۷۸). حـاجی زۆر هەوڵی داوە کـە میرایەتی و ســەربەخۆیی هەر بمێنێت و تەنانەت بنەماکانی ئەو چەمکەشــی دیـاری کردووە کـە دوانیـان «شــیر» و «قەڵەم»ە. ئەوی شـیاوی ســەرنجە ئەوەیە کە قەڵەم و شیر لە بیر و هزری حاجیدا دوانە و تەواوکەری یەکترن (سیوەیلی، ۲۰۱٦: ۲٦۳) بەتایبەت لە پێناو پێکهێنانی ئەو ئـامـانجە مەزنەدا ئەو دوو ئـامرازە بەلایەوە هۆکـاری سەرکەوتن و مان و ژیانن. بەڵام مخابن دەڵێ:

شیر و قەڵەم شەریکن لەم عەسرەدا، درێغا شیرم قەڵەمتراشە و کالانییە قەڵەمدان!

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۹۸)

دیسان لەسەر ئەم مەبەستە جەخت‌دەکاتەوە:

بە شێر و خامە دەوڵەت پایەدارە ئەمن خامەم هەیە شێر نادیارە

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٥١)

حاجی خۆی لە باری هزری و تیۆرییەوە بۆ پێکهێنانی ئەو مەبەستە ئامادە یە، کەچی مەیدانی ڕەهەندی چەکدارییەکەی خاڵی دەبینێت.

**1 -2. ناونیشانی پەیوەندیدار بە حاکمان و میرانی کورد لە شیعری حاجیدا**

لە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی شیعری حاجی قادر لە بواری ئەم بابەتەوە، دەبێ ئاماژە بەوەی بکەین کە ناونیشان و تایبەتمەندیی تاقمێک لە میرانی کورد لە شیعری حاجیدا تۆمار کراون. دیارترین شیعری حاجی کە ئەم سەردێڕەی تێدا هاتبێ، شیعری: « حاکم و میرەکانی کوردستان/هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان»ە (کۆیی، ١٣٩٠: ٢١٢) کە هەندێ لە بابەتی سەبارەت بە ئەم دوو میرنشینەی خستۆتە ڕوو. شیاوی شرۆڤەیە کە لە شیعری حاجیدا بۆتان و جزیر پەیوەستن پێکەوە؛ واتە میرنشینێک بە ناو میرنشینی جزیروبۆتان لە شیعری حاجیدا شوناسی هەیە. ئینجا کە جزیر یا بۆتان بە تەنیا دێت، هەر هەمان چەمک دەگرێتەوە. لە ئەم شیعرەدا دوو میرنشینی بۆتان و میرنشینی بابان ڕاستەوخۆ دەرکەوتوون (بۆ زێدەتر شارەزابوون لە پێشینە و مێژووی ئەم دوو میرنشینە بڕوانە: بدلیسی، ٢٠٠٦: ٣١-٣٢ و ٣٥٧-٣٦٥). میرنشینی بۆتان لە شیعرێکی تریدا بە شێوەی «میری جزیروبۆتان» (کۆیی، ١٣٩٠: ٩٦) هاتووە. لە میرنشینی جزیروبۆتاندا ئەدیب و شاعیری زۆر هەڵکەوتوون؛ شاعیرانی وەکوو عەلی حەریری و مەلای باتەیی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران لە نێو جوغرافیای شوێنکاتیی ئەو ئەمارەتەدا ژیاون (أزون، د.ت.: ٩). هەروەها میرنشینی سۆرانیش لەوانەیە کە حاجی ئاماژەی پێکردووە (بۆ زانیاری لە مێژووی کۆنینی ئەم میرنشینە بڕوانە: بدلیسی، ٢٠٠٦: ٣٣٦-٣٥٦):

لە مەجمووعی دووەل سۆران و بۆتان لە سایەی ئەم کتێبە ناسراوە

(کۆیی، ١٣٩٠: ١١٨)

شیاوی ئاماژەیە کە «ئەم کتێبە» مەبەستی کتێبی *مەموزینی* ئەحمەدی خانییە کە لە چەند بەیتدا باسی لێوە کردووە. لە شیعری « خاکی جزیروبۆتان یەعنی وڵاتی کوردان/سەد حەیف و سەد مخابن، دەیکەن بە ئەرمەنستان» (کۆیی، ١٣٩٠: ٩٣)دا، جگە لە ناوی میرنشینی جزیروبۆتان (بڕوانە: بدلیسی، ٢٠٠٦: ٣١-٣٢، هەروەها ١٧١-٢٠٩)، ناوی میرنشینی بابان (کۆیی، ١٣٩٠: ٩٦) و میرنشینی ئەردەڵان (بە شێوەی والیی سەنەندەج (کۆیی، ١٣٩٠: ٩٦) بۆ ئاگاداری لە ڕەگەز و سیمای میرنشینی ئەردەڵان بڕوانە: بدلیسی، ٢٠٠٦: ١٣١-١٤٢)، میرنشینی ڕواندز (بە شێوەی بەگزادەی ڕەواندز (کۆیی، ١٣٩٠: ٩٦)) هاتوون. میرنشینی بابان لەم بارەوە لە شیعری حاجیدا زۆرترین پاتبوونەوەی بەرکەوتووە؛ بۆ نموونە شیعری شانۆتەوەری «لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم کەسێکی هائیم و حەیران/بە هەیئەت تێیگەییم کوردە، بە شێوەی ئەهلی کوردستان» (کۆیی، ١٣٩٠: ١٠٠-١٠٢) یەکسەر لە دەوری ئەم میرنشینە دەسووڕێتەوە و تێیدا چەند جارێک ناوی بابان هاتووە. میرنشینی ئەردەڵانیش جارێکی تر بە جەخت کردن لە سەر نازناوی میریەتی لە شیعری حاجیدا هاتووە: «موهەلهەل، ئەردەشێر و

دەیسەمی شێر/قوباد و باز و میری ئەردەڵانی» (کۆیی، ۱۳۹۰: ۱۵۲). حاجی ئاماژەی بە میرنشینی کۆیەش کردووە و بەتایبەتی ناوی قۆچ پاشای لێ هێناوە: «لە قۆچ پاشاوە تا ئێستا ئەمیرێک/لە کۆی پەیدا نەبوو، یاخود وەزیرێک» (کۆیی، ۱۳۹۰: ۲۵۱). ئاکامی ئەم باسە دەبێتە ئەوە کە بنەماڵەی میرانی بابان، ئەردەڵان، جزیروبۆتان، سۆران، ڕەواندز و کۆیە لە شیعری حاجیدا خراونەتە بەر باس و ئاماژە و ڕەهەندێکی داب و شارستانیەتیان باس کراوە. هەروەها هاتنی وشەی «گۆران» لە شیعری حاجیدا ڕەنگە هێمایەک بێ بۆ ئەوەی کە خەڵکی گۆرانیش سەردەمانێک میرایەتی و فەرمانڕەوایی تایبەت بە خۆیان بووە:

هەر کە تاجی نایە سەر تەختی لە کوردستان دەبێ
خەرج و پیتاکی لە سەر گۆران و سۆران دادەنێ

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۱۸۱)

**2 -2. ئاماژەی جوگرافیایی بە میرنشینان**

حاجی هەندێ وشەی سەرەکیی بۆ ناساندن و باسکردنی میرانی ئاراستە کردووە کە لە دوو توێی ئەم وشە کلیلانەدا ئاقاری جوگرافیایی هەندێ لە میرنشینەکان و بە گشتی هەندێ ڕووی جوگرافیایی و سنووری وڵاتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە؛ وەکوو ئەوەی کە لە بەیتی «حاکم و میرەکانی کوردستان/هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان»، لە قاڵبی خواستنێکی ئاراستەییدا، باسی جوگرافیاشی تێ ئاخنیوە؛ چونکە کاتێ ئاماژەی «بەرەو»، واتە دیاری کردنی لایەنی تێدایە، لە زاتی خۆیدا مەبەست و چەمکێکی جوگرافیایی لەخۆگرتووە و دەوروبەری بۆتان هەتا دەوروبەری بابان دەخاتە ژێر ئاماژەکەی. جارێکی تر عەینی ئەم سنووردارکردنە لە شیعری حاجیدا دەبینین کە گەرچی لە باسی شاعیراندایە، بەڵام بە هەر شێوەیەک جوگرافیای فەرهەنگیی کوردمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

سادە هەر ناویان بکەم ئیملا
ئەم کتێبە بچووکە بەش ناکا

هەر لە شیرازەوە هەتا بابان
پاکی یەک نەزمە پێی دەڵێن گۆران

هەر مووسڵ هەتا حەددی بابان
بەیتیان کردووە وەکوو جافان

بەسیە بێ عاری ئەی گەلی خزمان!
لەم هەموو بەیتی میللەتی خۆمان

ئەگەر ئێمە و سنە و سولەیمانین
ناوی یەکیان بە چاکی نازانین

حاجی لێرەدا باس لە زۆربوونی تەنانەت ناوی ئەو کەسانە دەکات کە لەم دیوانە شیعرەیدا ناگونجێت. ئینجا سنوور دیاریدەکات و لە گرنگینەدان و کەمتەرخەمیی گەلی کورد گلەیی دەکات. شیاوی لێکدانەوەیە کە وەکوو چۆن لە شەرەفنامەدا میرشەرەفخان (٢٠٠٦: ٢١) سنوورمان بۆ دیاری دەکات، حاجیش هەر بەو شێوازە لە شیرازەوە هێڵێکمان بۆ ڕادەکێشێ کە جوغرافیای فەرهەنگیی زمان و وێژەی کوردیمان بۆ نەخش بکات. هاوکات گلەوگازندەشی لە خەڵک، خۆشی لەگەڵدا بێ، لە بیر ناچێ کە ئەو هەموو بەرهەمە ئەدەبییە ناوودەنگێکیان لە ناودا نەماوە.

**3 -2. تایبەتمەندی و وەسفی میرانی کورد**

حاجی قادر گەورە و خانەدانی کوردی بە ئازا و بەجەرگ و دلێر وەسف کردووە و زۆر جار بێزێدەڕۆیی هەندێ لەم تایبەتمەندییانەی لە شیعری خۆیدا پاراستووە. وەک چۆن لە شیعری شانۆشێوەی «لە رۆما کەوتە بەر چاوم کەسێکی هائیم و حەیران»دا میران و حاکمانی بە «پڵنگ و شێری ئازا» ناوبردووە:

لە پێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٢٣)

ئەمێستا مار و مێروو، گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران

(کۆیی، ١٣٩٠: ١٠١)

وەسفێکی وەها سەبارەت بە میرومەزنانی کورد لە شەرەفنامەشدا هاتووە؛ کاتێ لە باسی میرانی جزیردا بە مەردی و نەبەردی و مەیدانداری و چاپکسواری ناویان دێنێت (بڕوانە بدلیسی، ٢٠٠٦: ١٧١). چەمکی هێز و دەسەڵاتداری و جەربەزەیی لە باسی میرانی بابانیشدا زێدەتر لە هەر شوێنێک هاتووە و لە باسی ئازایەتیشدا دەڵێن ڕۆستەم لە حاندیاندا ناتەوان بووە (هەروەها بڕوانە: هەمان: ٣٥٧). ئەم بەیتە لە وەسفی حاکمانی جێگری حاکمە کوردەکانیش خاڵی نییە و تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەوانیشی بەدەستەوە داوە. هەروەها ئەوەی شیاوی باسە، ئەوەیە کە حاجی «ڕابردوو»ەکەی لە بیر نەکردووە و جەختی لەسەری کردۆتەوە؛ بەو واتایە کە مخابن ئەمێستاکە ئەو بارودۆخە نەماوە و ئەو میر و حاکمانە نەیانتوانی لە بەرامبەر ڕەشەبای نەیارانەوە خۆڕابگرن. وەسفی حاجی لێرە سیمای میرنشینی بابان لە وەڵامنامەکەی سالم بۆ شیعرنامەکەی نالیمان دێنیتەوە یاد کە دەیگوت:

لەو ساوە حاکمی، بە ستەم دەربەدەر کران نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر

(سالم، ٢٠١٥: ٣٣٣/١)

ڕەهەندێکی هێژای وەسفی میران و حاکمان کە لە شیعری حاجیدا ڕەنگی داوەتەوە، سیمای شادی و خۆشحاڵی بووە کە لەوانەوە تەشەنای سەندووە بۆ هەموو خەڵک:

لە وەقتی خۆی هەموو شا بوون، سەراپا بێخەم و شا بوون

لە جوودا حاتەمی تایی، لە شەڕدا ڕۆستەمی مەیدان

(کۆیی، ١٣٩٠: ١٠١)

جگە لە شابوون و دەسەڵاتداربوون، بەخشش و کەرەم و جەربەزەیی لە مەیدانی شەڕدا لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەو میرومەزنانەیە کە حاجی باسی کردوون. ئەم خەسڵەتە لە نێو بنەماڵەی میراندا زۆرتر لە هەمووان وەپاڵ بابانەکان دراوە و میرشەرەفخان (بدلیسی، ٢٠٠٦: ٣٥٧) حاتەمی تایی لە حاند ئەماندا زۆر بێدەسەڵات و دەسقووچاو دەزانێت. هەروەها لە شرۆڤەی زێدەتری ئەم بەیتەدا دەتوانین بڵێین کە گەشاندنەوە و تەمی خەم ڕەواندنەوە وەکوو خەسڵەتێکی ڕەسەن بۆ میرانی سۆران نێوزەد کراوە (بدلیسی، ٢٠٠٦: ٣٣٨).

تایبەتمەندییەکی تر کە حاجی بۆ میرومەزنانی کورد ئاماژەی پێدەکات، دینپارێزی و مافدارییە:

حاکم و میرەکانی کوردستان — هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بوون — سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون
(کۆیی، ١٣٩٠: ٢١٢)

یا وەکوو لەم شیعرەیدا:

سلامُ اللهِ منّی کلَّ یوم — لە ئەسحابانی ساحیب غیرەت و دین
(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٢٧)

کە بەم تەوسیفانەوە دەچێتە سەر باس کردن لە گەورەکانی کورد. لە بەیتی پێشەوەشدا جەختی لە سەر ئەوەش کردووە کە هەموو «شەریعەت پارێز» بوونە. ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە حاکم و میرانی ئیمپراتووریی عوسمانی بە گورگ و دز و ڕێگر وەسف دەکات و بەم کارەی بەراوردێکی سیفاتی مرۆڤانە و تایبەتمەندیی مرۆڤدۆستی و ئایینپەروەری لە نێو گەلاندا دەکات:

موقتەزای ئاب و هەوای خاکی دیاری ڕۆمە — ئەهلی سووتاوی مەیە، بەستەیی ئاوازی نەیە
حاکمی ڕێگری مەعموورەیە، قازیی دزی ڕۆژ — وزەرا و وکەلای گورگە، ڕەعییەت گەلەیە
(کۆیی، ١٣٩٠: ١٤٦)

حاجی قادر وێڕای لێدوان و باس کردن لە میران و میرنشینانی کورد، ڕووی ڕاستینەی دەوڵەتی عوسمانیی خستۆتە بەر چاو و پەردەی لە سەر کردە دزێوەکانیان هەڵداوەتەوە (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ٦٢٨/٢؛ هەروەها بۆ ئەم بابەتە لە شێعری حاجیدا بڕوانە: کۆیی، ١٣٩٠: ٧٨-٧٩، ١٨٠-١٨٤، ١٩٩). لەم شیعرانەی حاجیدا ئێمە چاومان بە بەرزیی ئاستی مرۆڤدۆستی و عەدڵی بنەماڵەی میران بە تایبەت بەرامبەر بە خەڵکانی تر ئاشنا دەبێتەوە. ئەڵبەت نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە حاجی قادر بۆ خۆی لە نیشتماندۆستی و گەلدۆستیدا لە ڕق و ناحەزی بە نیسبەتی گەلی باڵادەست بەدوورە و نەکەوتۆتە داوی ڕەگەزپەرستییەوە (سیوەیلی، ٢٠١٦: ٢٩٢). حاجی زۆر خولیای ئاوەدانیی وڵات و پێشکەوتنی نیشتمانی خواستووە و ئاواتی ئەوەی لە دڵدا بووە کە نیشتمانەکەی ئەویش بە وێنەی پێتەختی عوسمانی واتە ئەستەمبووڵ گەشە بکات و پێشکەوێت (سوبحان، ٢٠١٨: ٩٧).

خاڵێکی تر لەم بابەتە کە حاجیش زۆر بە لایەوە سەیرە، بێگانەپەرستن و بە ئاستەم لە دەوری کەسایەتییەکی ئەوەیە کە خەڵکی عێراق بە کورد و نەکوردیەوە زۆرتر خۆیان کۆدەبنەوە:

عەجەبا بۆ چی ئەهلی موڵکی عێراق ئیتتیفاقی بەدەل دەکەن بە نیفاق!

بۆ ئەمیرانی غەیرە دەبنە گزیر نەک لە خۆیان یەکێکی بێتە ئەمیرا!

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٣٤)

شەڕ و پێکدادان و ناتەبایی لە نێو ئەو خەڵکەدا شتێکی ئاسایی بووە.

هەیبەت و دەسەڵاتی ماددی و مەعنەویی میرانی کورد بەتایبەت لە هەمبەر کەسانێکەوە کە خەڵکیان فریودەدا و قازانجی خۆیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەدیت، تایبەتمەندییەکی ترە کە لە شیعری حاجیدا هاتووە:

حاکم و میرانی کوردستان هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان

یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بوون سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون

سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢١٢-٢١٣)

حاجی لەم بەیتانەدا جەختی لەسەر ئایین پارێزی و ڕاستیخوازیی میران و حاکمان دەکاتەوە. سیفەتی سەربەخۆیی میرومەزنانی کورد لە شیعری حاجیدا دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە و بە داخوکەسەرێکی زۆرەوە یادی ئەو ڕۆژانە زیندوو دەکاتەوە:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون؟

سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحیبی جەیش و عیرفان؟

(کۆیی، ١٣٩٠: ٩٦)

**4 -2. بنەماکانی میرایەتی**

**حاجی هەندێ لە بنەما و داب‌ودەستوورەکانی میرایەتی و مەزنایەتیمان بۆ دیاری دەکات. لەوانە یەکگرتوویی و یەکسانیی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە:**

لەم بەینە ئیتتیفاقێ پەیدا بکەن بە مەردی فەرقی نەبێ شوان و جووتیار و میر و گاوان

گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن بێگانە چاکە دوشمن نەک دوشمنی لە خۆتان

(کۆیی، ١٣٩٠: ٩٥)

لە ڕوانگەی حاجییەوە لە هەر بارودۆخێکدا یەکگرتوویی گرنگترین کۆڵەکەی نیشتمان و میللەتە:

ئیتتیحادی بە ئیتتیفاقی ئەنام سوپەرە بۆ حەوادیسی ئەییام

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۱۹۲)

واتە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی هەموو خەڵک لە هەمبەر ڕووداو و کارەسـاتەکانی ڕۆژگارەوە، وەکوو قەڵغانە و دەیانپارێزێت. دیسان جەخت لەسەر دەور و گرنگایەتیی ئەو یەکگرتووییە دەکاتەوە و دەڵێ:

بێ ئەگەر دەستی یەکتری بگرن		وەک سکەندەر جیهان هەموو دەگرن

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۱۹۲)

حاجی زۆر جار جەختی لەسـەر یەکگرتوویی و هاودڵی کردووە؛ بۆیە پێی وایە کە گەر کوردان ئەو دۆزە گرنگە ڕادەسـت بکەن، وەکوو ئەسـکەنـدەری مەقـدوونی دەسەڵاتیان هەموو جیهان دەگرێتەوە.

### 5 -2. دوژمنانی میرومەزنان

حاجی وەکوو پزیشـکێکی شـارەزا و حاڵزان و خۆماڵی دەردێکی تری بۆ دیاری کردووین؛ لەوەیدا کە هۆکارێکی کزی و سـسـتیی میرنشـینان چی بووە و لە کوێوە سەری هەڵداوە:

عـولەمـامـان بە قەولـی بێ سـەر و پـا		پـاکی خنکا لە بەحری وشـکی هەوا

سـەنعەتێک فێر نەبوون لە پاش تەحسـیل		سـەیری چۆن بۆ مەنـاهی بوونە دەلیـل!

یەک بە یەک بـوونە خـائـیـنـی دەوڵەت		خـائینی موڵـک و دوشـمنی میللەت

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۲۳۳)

حاجی بۆمان دەگێڕێتەوە کە نەزانی و بێکاریی زانایان کە زۆرتر هەندێ شێخ و مەلای مەبەستە و فێرنەبوونی کار و پیشـەیەک، بوو بە هۆی کشـان بەرەو ڕەزالەت و خراپەکاری و خیانەت بە گەل و نیشتمان.

### 6 -2. میرانی بێناونیشان یا ناونیشانوون

دیاردەیەکی زەق کە لە شـیعری حاجیدا بە ڕاشـکاوی خۆی دەنوێنێت، داخ و کەسـەر دەربڕینە لە نەمان و فەوتـانی زانیـاری و بـابەت و زۆر دیـاردە و لایەنی فەرهەنگی و مێژوویی و سـیاسـی و ئەدەبیی کورد. ئەویش بەس لەبەر نەنووسـران و تۆمار نەکران بووە. بۆیە لەو شـیعرەیدا کە بە «ئەگەر کوردێک قسـەی بابی نەزانی» (کۆیی، ۱۳۹۰: ۱۵۲) دەسـتپێدەکات، هۆکاری ئەم فەوتان و لەناوچوون و بێناونیشـان بوونە باس دەکات:

کتێـب و دەفتەر و تەئریخ و کـاغەز		بـە کوردی گەر بنووسـرایـە زەبـانی

مەلا و شـێخ و میر و پـادشــامـان  هەتا محەشـەر دەما ناو و نیشــانی

(کۆیی، ١٣٩٠: ١٥٢-١٥٣)

لێرەدا زۆر زانـایـانـە حـاجی ئەم بـابەتـە دەداتە بەر خەنجەری نەشـتەرگەری و شـیی‌دەکاتەوە. هۆکاری نەمان و فەوتانی میرات و کەلەپوور و زۆر ڕەهەندی مێژووی نیشـتمـانی و میللیمـان بۆ تۆمـارنەکران و نەنووسـین بـە زمـانی خۆمـان دەگەڕێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا تانووت دەگرێتە ئەو کەسـانە، چ خەڵکی ئاسـایی و چ میر و حاکمانی کورد (ئەم بابەتە شـیاوی لێکۆڵینەوەیەکی جیـاوازە)، کـە لـە هەمبەر زمـان و فەرهەنگی خۆیـان کەمتەرخەمن و خولیـای ڕاگرتن و پاراستنی میراتی باب‌وکالیان نییە:

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت  بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
بـێـگـانـە بـە تەرجەمەی زەبـانـی  ئەسـرارێ کـتـێـبـی خەڵـقـی زانـی

یەکسـەر عـولەمـا، درشـت و وردی  نـاخـوێـنـنەوە دوو حەرفـی کـوردی

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٥٧)

لە ڕوانگەی حاجییەوە، نووسـین و خوێندن بە زمانی زگماک دەبێتە هۆی سـەرفرازی، و ژیان و مانەوەی گەل و کەلەپوور دەسـتەبەردەکات (بڕوانە: سـەجادی، ١٣٩٥: ٣٥٠). لەم نێوەنـدەدا خەڵکی کورد و میران و مەزنـانی کورد لـە سـۆنگەی کەمتەرخەمی و گرنگی‌نەدان بەم بابەتەوە لەتمەی زۆریان لە خۆیان و کەلەپووریان داوە. بانگێشـتی حاجی بۆ بەس کردن و کۆتایی هێنان بەم ڕەوتە و وریابوونەوەی جەماوەرە. حاجی لەم بوارەدا وەکوو پەیڕەوێکی ئەحمەدی خانی دێتە ئەژمار؛ چونکە حاجی قادر لە باری فیکری نەتەوەیی و پێشـکەوتوویی سـیاسـییەوە دوای ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) بە نەفەری دووهەم دادەنـرێ و تەنـانەت لـە چەنـد ڕەهەندیشەوە پێش خانی دەکەوێت (مەلاکەریم، ١٩٨٩: ٣٧٧). نـابێ ئەوەش لەبیر بکەین کـە وەک هەنـدێ لـە لێکۆڵەران ئـامـاژەیـان پێ‌کردووە (أوزون، د.ت.: ٢٠) حاجی قادر بە پڕجۆش‌وخرۆشترین پەیڕەوی ئەحمەدی خانی ناوی دەرکردووە.

لە شـوێنێکی تردا حاجی دیسـان ئەم نەشـتەرگەرییە کـارنـاسـانەیـە دێنێتـە ئـاراوە و پەنجـە بۆ هۆکـارە سەرەکییەکە ڕادەکێشێ:

ئەم فەسـیـحـانـە پـاکـی بـێ‌نـاون  بـاعیسـی پێـت بڵێم: نەنووسـراون

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٢٤)

گەرچی ئەمە لە باسی شاعیراندا دەردەبڕێ، بەڵام بابەتەکەی هەموو تەوەرێکی فەرهەنگی و مێژووییش دەگرێتەوە. داخ و حەسرەتی حاجی قادر لەم بابەتەوە زۆر بەتینە:

گوتی بۆ غوربەت و ڕووتی نییە ئەفغان و هاوارم | لە داخی حاکمی خۆمە، لە شان و شەوکەتی تورکان

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۲۰۰)

خاڵێکی تر کە حاجی لە بیری نەکردووە و شیاوی لێکۆڵینەوەشە، ئەوەیە کە کورد بەو هەمووو دەردی نەنووسین و نەخوێندن بە زمانی خۆیەوە، توانیویە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو سامان و کەلەپوورە دەوڵەمەندە بپارێزێت و هەندێکی بگوێزێتەوە بۆ نەوەکانی دواتر:

ئەمە هەر کوردە لایقی تەحسین | بێ کتێب و موعەللیم و نووسین

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۲۲۵)

بەڕاستی کامە گەل و هۆز لە درێژایی مێژوودا بێ ئەوەی بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، توانیویە تا ئەو ڕادەیە لە مێژوودا بمێنێتەوە و لە ژێر چەپۆکەسەرێ و تەوژمی لێشاو و تۆفانی ڕۆژگاراندا خۆی ڕابگرێت؟ خاڵێکی گرنگ کە لە ئاماژەکەی حاجیدا هاتووە و ئەم ڕاستییە ناوازەیەمان بۆ دەسەلمێنێ ئەوەیە کە کورد لەم ڕووەوە شیاوی پەسنەدان و ستایشکردنە.

**7 -2. میرومەزنانی کوردی بە ناوی غەیری کوردەوە زەوتکراو**

حاجی قادر سەبارەت بە مێژوو و زمان چەند تێبینیی لە شیعریدا بە جێهێشتووە بۆمان. یەکێ ئەوەیە کە ناوی کەسانێک بە شێوازێک باس دەکا کە هەندێ کەس بە کوردی نەزانیون یا مۆرکی کوردبوونیان بەرەو کزی ڕۆیشتبێ:

سەلاحەددین و نوورەددینی کوردی | عەزیزانی جزیر و مووش و وانی

موهەلهەل، ئەردەشێر و دەیسەمی شێر | قوباد و باز و میری ئەردەلانی

ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت | لەبەر بێ دەفتەری ون و بوون و فانی

(کۆیی، ۱۳۹۰: ۱۵۲)

جەختکردنی حاجی لەسەر کورد بوونی ئەمانە دەتوانێ بە دوو هۆکار بووبێت؛ یەک ئەوەی کە هەندێ کەس نەیانزانیبێت کە ئەم کەسانە کورد بوویێتن و حاجی بیرئانینێکی بۆ دانابێتن؛ دوو ئەوەی کە فەرامۆش کرابێت و بەتایبەت گەلانی تر بە ناوی خۆیان یا لانی کەم بە ناوی ئیسلامەوە هیندە باسی ئەم کەسانەیان کردبێت کە مۆرکی کوردبوونیان بەرەو کزی و نەمان ڕۆیشتبێت. ئەمە نیشان دەدات کە حاجی شارەزای سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان وەکوو شەرەفنامە بووە (بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە: بدلیسی، ٢٠٠٦: ٣٩، ٤١٦). دیسان حاجی نەنووسران و بێدەفتەر و دیوان بوونی کورد بە هۆکاری سەرەکیی ئەم دەردە دەزانێت.

**8 -2. میرنشینانی کورد وەکوو کۆڵەکەی مانەوەی دراوسێکان**

حاجی قادر هەروەها پەنجەی بۆ بابەتێک ڕاکێشاوە کە ڕەنگە لە زاتی خۆیدا بە چاکە و خاڵێکی بەهێز بناسرێت و بنوێنرێت؛ کەچی کاتێک لێی ورد دەبیتەوە، دیوەکەی تری نەرێنی و هێمای باوەڕبەخۆنەبوون و بەدەردی خۆ نەخواردن دەدا بە دەستەوە. ئەویش کەڵک و فایدەی میرانی کوردە بۆ حکوومەتەکانی دەوروبەریان. لەم بارەیەوە دەڵێ:

لە ڕیزی زەبر و زەنگی وان بە شیر و حیشمەتی
کەسێکی تر نەبوو کوردە کە ماوە
هەرگیز دەوڵەتی ئێران
(کۆیی، ١٣٩٠: ١٠١)

نەک هەر دەوڵەتی ئێران کە لەم بەیتەی حاجیدا ناوی هاتووە، لە چەندین سەردەمی هەستیاری مێژووییدا دەوڵەتی عوسمانیش مان و نەمانی بەستەی میرومەزنان و خانەدانی کورد بووە.

## 3 - ئەنجام

بە لێکدانەوەی ڕەنگدانەوەی مێژووی میرانی کورد لە شیعری حاجی قادردا، دەتوانین لە چەند تەوەردا ئەنجامەکەی بخەینە پێش چاو:

- حاجی قادر تا ڕادەیەکی زۆر و بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو و بەڵگەمەند شارەزای مێژووی میران و حاکمانی کورد بووە.
- ئەو میرنشینانەی حاجی باسی لێ‌کردوون، ئەمانەن: میرنشینی بابان، ئەردەڵان، جزیروبۆتان، سۆران، کۆیە و ڕەواندز.
- حاجی قادر بە شێوەیەکی نەڕاستەوخۆ ئاماژەی بە پێکهاتەی گۆران وەکوو بنەماڵەیەکی میری کردووە.
- چەند تایبەتمەندی و خەسڵەتی فەرهەنگی و کۆمەڵناسانەی سەبارەت بەم میرنشینانە باس کردووە؛ وەکوو مەردی و نەبەرد و جەربەزەیی، ئازایی و دلێری، دڵاوایی و کەرەم. لەم سۆنگەوە بە کەسانی وەکوو ڕۆستەم و حاتەم وەسفی کردوون.
- هەندێک خاڵی نەرێنی و خەسڵەتی نەشیاویشی لێیان باس کردووە؛ وەکوو نەگریسی و ناتەبایی و بێگانەپەرستی و یەکنەگرتوویی.
- هەندێک ناونیشان و شوناسی کەسایەتییە کوردەکانی سەردەمانی کۆنینی ژیاندۆتەوە.
- حاجی وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەرێکی زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە زۆرێک لە بابەتی فەرهەنگی و مێژوویی و ئەدەبیی کورد و کوردستان لەبەر نەنووسران و تۆمارنەکران و بە وتەیەکی تر نەخوێندن و نەنووسین بە زمانی خۆ فەوتاوە.
- چەند هێمایەکی جوغرافیایی بۆ دیاری کردنی سنوور لە شیعری حاجیدا هاتووە.
- میرومەزنانی کورد لە سەردەمانی جیاجیادا پاڵپشت و هۆکاری مانەوە و ژیانی دەوڵەت و حکوومەتانی دراوسێ بوون.

## سەرچاوەکان


### أ) کوردی

- بدلیسی، میر شەرەفخان (٢٠٠٦). شەرەفنامە. وەرگێڕانی هەژار. چاپی سێهەم، هەولێر: ئاراس.
- بۆرەکەیی، سدێق (سەفی زادە) (٢٠٠٨). مێژووی وێژەی کوردی. بەرگی ٢. چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس.
- حەداد، عەبدوڵا محەمەد (٠٠٤). مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لە شاری هەولێر. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ١٣، بەشی B، لل ١٤٧-١٨٣.
- حیلمی، ڕەفیق (٢٠١٠). شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، 2بەرگ لە یەک بەرگدا، چاپی دووهەم، هەولێر: ئاراس.
- خەزنەدار، مارف (٢٠٠٤). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی ٤. چاپی یەکەم، هەولێر: ئاراس.
- دلێر، خالید (١٩٩٨). ستەمکردن لە حاجی قادری کۆیی تاوانە. سلێمانی: سەفوەت.
- سالم، عەبدولڕەحمان بەگ (٢٠١٥). دیوان. ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلاکەریم. بەرگی ١. سلێمانی: ژین.
- سوبحان، کامەران (٢٠١٨). لە خەیاڵەوە بۆ خۆڵ. هەولێر [: بێ ناونیشان].
- سەجادی، عەلائەدین (١٣٩٥). مێژووی ئەدەبی کوردی. چاپی دووهەم، سنە: کوردستان.
- سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠١٦). کتێبی حاجی قادری کۆیی. چاپی یەکەم، هەولێر: ئاکادیمیای کوردی.
- سەعید، نەوزادوەققاس (١٩٩٦). بزووتنەوەی شیعری لە کۆیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا. نامەی دوکتۆرا، زانکۆی بەغدا.
- کۆیی، حاجی قادر (١٣٩٠). دیوان. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. چاپی یەکەم، سنە: کوردستان.
- محەمەد، مەسعوود (١٩٧٣). حاجی قادری کۆیی. بەرگی ١. بەغدا: کۆڕی زانیاریی کورد.
- مەلاکەریم، محەمەد (١٩٨٩). هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی. بەغدا: وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- مەلاکەریم، محەمەد (١٣٩٩). حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد. چاپی یەکەم. سنە: کوردستان.

### ب) عەرەبی

- أوزون، محمد (د.ت.). بداية الأدب الكردي. ترجمة دلاور زنكی. [نسخة ألكترونية دون مشخصات النشر].
- الصويركی الكردی، محمدعلی (2008). الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ. المجلد 2. الطبعة الأولى، بيروت: الدار العربية للموسوعات.

### ج) English

Yaqoobi, Abdulkhaliq (2019). "The Progressive Process of Kurdish Nationalist Discourse in Haji Qadir Koyi's Poetry". Critical Literary Studies, Vol. 11, No. 1, Autumn and Winter, Pp175-183.

## تجلي تأريخ أمراء الكرد في شيعر حاجي قادر الكويي

**الملخص ;**

اهتمَّ حاجي قادر الكويي (1817-1897) كشـاعر شـعبيّ مثقّف في الأدب الكردي بالتاريخ و الثقافة و التكنولوجيا. فإنَّه قد عُنِيَ فى الفترة الثانية من عمره الشعري بالعلماء و الأمراء و العشراء الكرد و ضبطَ أهمَّ ميزاتهم و خدماتهم. يســعَى هذا البحث في ضــوء المنهج التوصــيفي – التحليلي إلى العناية بأبعاد شــعر حاجي التاريخية ذات العلاقة بأسـرة الأمراء و الحكّام و الفحص عن ميزاتهم و خصـائصـهم الحكومية و الاجتماعية في غضـون أشـعاره و يحاول الغور في مصادر حاجي قادر و ينابيع بنات أفكاره. كان حاجي ذا علاقة وثيقة بالصحف و أخبار التكنولوجيا الواصلة من أوروبّا و في خلال ذلك يُشير إلى أنجازات الأمراء الكرد و دورهم في العصور المختلفة و اهتماماتهم بأمر الشعر و الأدب.

**الكلمات الرئيسة:** حاجي قادر الكويي، التأريخ، الأمراء الكرد، التحليل المقارن.

## The manifestation of the history of the kurdish princes in the poetry of haji qadir al-koyi

**Abstract:**

Haji Kadir al-Koyi (1817-1897), as a popular poet who was educated in Kurdish literature, was interested in history, culture and technology. In the second period of his poetic life, he was concerned with the Kurdish scholars, princes, and associates, and identified their most important features and services. This research seeks, in the light of the descriptive-analytical approach, to pay attention to the historical dimensions of Haji's poetry related to the family of princes and rulers, and to examine their governmental and social features and characteristics within his poems, and tries to delve into the sources of Haji Qadir and the springs of his ideas. Haji was closely related to newspapers and technology news arriving from Europe, and in the meantime he referred to the achievements of the Kurdish princes and their role in different eras, and their interests in poetry and literature.

**Keywords:** Haji Qadir Al-Koyi, history, Kurdish princes, comparative analysis.